اللهُمَّ أنت السَّلام ومِنك السَّلام، تَبَارَكْتَ يا ذا الجَلال والإكْرَام

له سەوبانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی تەواو بکردایە (سەلامی بدایەتەوە) سێ جار (ئیستیغفاری)ی دەکرد، وپاشان دەیووت: «اللهُمَّ أنت السَّلام ومِنك السَّلام، تَبَارَكْتَ يا ذا الجَلال والإكْرَام»^، وەلید دەڵێت: ووتم بە ئەوزاعی: ئیستیغفار کردن چۆنە؟ ووتی: دەڵێت: أستغفر الله ، أستغفر الله. ^(واتە: خودایە تۆ دووریت لە هەموو کەم وکورتی وعەیبێک وهەروەها سەلامەتی وکاملّ بوون تەنها لە لایەن تۆوە دێت -تۆ دەیبەخشیت-، تۆ پیرۆزیت وتۆش خاوەنی شەرەف وڕێز وشکۆیت).

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر نوێژەکەی تەواو بکردایە، سێ جار دەیووت: أستغفر الله، أستغفر الله، أستغفر اللە. (أستغفر اللە، واتا: داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەم). پاشان زیکری بەمەزندانانی پەروەردگاری دەووت: (اللهُمَّ أنت السَّلام ومِنك السَّلام، تَبَارَكْتَ يا ذا الجَلال والإكْرَام)، (واتە: خودایە تۆ دووریت لە هەموو کەم وکورتی وعەیبێک وهەروەها سەلامەتی وکاملّ بوون تەنها لە لایەن تۆوە دێت -تۆ دەیبەخشیت-، تۆ پیرۆزیت وتۆش خاوەن شەرەف وڕێز وشکۆیت)، خوای گەورە کاملّە وسەلامەتە لە هەموو سیفەتەکانیدا، وسەلامەتە لە هەموو عەیبێک وگشت کەموکورتیەک لە ئەو زاتە دووەە، وئەم نزایە داواکردنە لە پەروەدگار -سبحانه وتعالى- بۆئەوەی سەلامەتی بە بەندە ببەخشێت ودووری بخاتەوە لە شەڕ وزیانەکانی دونیا وقیامەت، وخوای گەورە -سبحانه وتعالى- مەزنە وچاکەکارە وخاوەن خێر وبەرەکەتی زۆری دونیا وقیامەتە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10947